
# دەك زیرِەكەن یەكیتی و پارتی

**جەزا چنگیانی**




**له هەموو كوون وقوژبنی كەناڵەكانی ئیمرِۆی میدیای كوردی هەردوو میریەكەی باشوری كوردستان باس باسی دیموكراتی و بە مۆدیركردنی كۆمەڵەگای كوردیە. گەر سەرنج بدەینە تەمەنی داوا ودروشمی دیموكراتی لە باشوری كوردستاندا دەگەریتەوە بۆ سالانی 1946. كاتێك ئەم دروشمە ویردی سەرزمانی سیاسەتمەدارانی كوردبوو بە مەلاین مرۆۋ شانازی بە دیكتاتۆریەتی پرِۆلیتاریەوە دەكرد. لەو ساتەدا و لە وولاتەكەی شۆرشی ئۆكتۆبەردا هەركەسیك ناوی دیموكراتیەتی ببردایە نەیدەزانی ئیسقانەكانی جەستەی چۆن ووردوخاش دەكرا. ئا لەو وولاتە دەست ئاسنینەدا پیاویك دروست بوو ئەو سیستەمەی رِمان وهیدی هیدی گەرەكیانە هەنگاو بەرەو دیموكراتیەت بنین. تەمەنی گورباشوف لە سالی 1946 دا لە قوناغەكانی سەرەتاییدا بووە. جیاوازی تەمەنی داوای دیموكراتی كوردی و گورباشۆف نیو سەدەیە. لەتەك ئەم تەمەنە دریژەی ویردی دیموكراتی كوردی و دەسالْ دەسەلات و هەلتەكاندنەوەی یاساكانی بازار و (گۆلۆبالیزم) و شیلانەوەی ووشە دبلوماسیەكان و شۆردنی ئاوزانە رِەقەكان بە نەرم ونیانی وگویلەیككگرتن و یەك پەسەندكرن. كورد تائیستا بە پراكتیك تاقە یەك (قولانجیْ) بەراستی بەرە و دیموكراتیەت نەناوە. گرفتەكە لەوەدانیە كورد ناتوانی شەقاو بنیْ. یان ئاوزانی پرِۆسپسی دیموكراتیكردنی كۆمەڵەگا پەسەند نەكات. نەخیر ئاوزان وسیستەمی سوسیال دیموكراتی سەرچاوەكەی لە بیرو فەلسەفەی زەردەشتەوە هەڵگیراوە كە هی كوردە. . ئەی بۆ چی واداماوین گرفتەكە لەوەدایە (یەكیتی و پارتی) وەك دوو زلهێزی باشوری كوردستان و هەڵگری دروشمی دیموكراتی خۆیان (رِیكخراوی دیموكراتی نین) و چاكیش لە كرۆكی دیموكراتی گەیشتوون چ كەلكیكی مەزنی بۆ میللەتی كورد هەیە و چ زیانیكیشی بۆ دەسەلاتی كلاسیكی سیاسی كوردی. بیگومان تاقە لە مپەریك لەبەردەم دیموكراتیەتدا (بەرژەوەندی پارتەكان و خاوەنەكانیانە) چونكە چاك دەزانن هەر درەختی دیموكراتیەت لە ناو كۆمەڵگای كوردیدا لق وپۆپی دەركرد ئەوان دەبنە گەڵای زەردی هەڵوەریوی بن درختی رِۆژگارەوە. بڤەیەكی تریش ئەوەیە ئەوەی زیاتر دەیەوی تەلاری ئەو ئاوزانە كلاسیكیە سیاسیە دیكتاتوریە كوردیە بمینیتەوە مشەخۆرەكانی دەوری كۆشكی دەسەلاتی (یەكیتی و پارتین) مەسعود بەرزانی لە شەوی 2002/3/25 لە تەلەفزوینی كورد تیفیەوە هەندی ووتەی زۆر بەریزی بۆ جەماوەری كوردی و رِژیمی توركی بلاوكردەوە بەراستی جیگەی ئافەرین و دلْخۆشی بوو ووتی (كاتی دیكتاتۆریت و زەبرو زەنگ بەسەر چووە كاتی گوی لەیەككگرتن و پەسەندكردنی یەكتریە) ئەمە بۆچونیكی سەردەمە و شنەبایە و لەدەوری بالای نەمامی دیموكراتی دەگەری، گەر بەراستی هەلبكات. جەلال تالەبانیش بە بۆنەی بە ئەندام بوونی (یەكیتی) لە سوسیال دیموكراتی جیهانیدا ووتی بۆیە ئیمە پەسەند كراوین چونكە لەم ماوەی 10 سالەی دەسەلاتدا هەنگاومان بۆ دیموكراتی و ریزگرتن لە ماڤی مرۆۋ و ئازادی میدیاو هتد ناوە. وەلیْ ئەم دوو رِكخراوە لە پراكتیكدا خاوەنی هەڵویستیكی ترن بە تایبەتی مشەخۆرەكانی دەوریان (بەرامبەر بە دەنگی كوردی دەرەوی ئەو دوو ریكخراوە).**

**لە رۆژی 29 /2002/6 (ناڤندا هاڤیبونیْ یا لیكولین و وەشانێن كوردی ل بەرلین) كۆریكی زانیستیانەیان بۆ گرفتی كەركوك سازاند لەم كۆرەدا كۆمەلی پسپۆری بۆارە جوربەجۆرەكان هاوبەشیان تیدا كرد و هەریەكە رووناكیەكی خستە سەر رۆڵی مەزنی ئەم شارە كوردیە بەنرخە. میوانیكی زۆر هاتبوون یەكیك لەو كەسانەی**

www.kurdistannet.org

وەك نوینەری (پارتی) هاتۆتە ئەوروپاو بۆ پەیوەندیکردن بە رۆشنبیرانی کورد و بیانیەوە و پتەوکردنی پەیوەندی رۆشنبیری کورد لە کوردستان لە تەك ڕۆشنبیرانی گەلانی تردتدا کۆنە وەزیری ڕۆشنبیری پارتی و ڕاویژکاری مەسعود بەرزانی (فەلەکەدین کاکەی) نووسەر بوو. ئەم رۆشنبیرە و ڕاویژکارە لە کۆڕەکەدا دانیشت تا ئەوساتەی (بە بۆچونی ئەو) دوو نووسەری نەیاری هاتنە سەر میزی خویندنەوەی بابەتەکان ئەویش (حەمە جەزا پسپۆر و ئەندازیاری پترۆڵ و جەزا چنگیانی) بەپی بۆچونی ئەو ڕۆشنبیرە (فەلەکەدین کاکەی) کاك حەمە جەزا لە سەر یەکیتی ناو نووسکراوە و و جەزا چنگیانیش پیکاکایە. (کەوانیە) ئەم ڕۆشنبیرە وەزیردارابیە ئاوزانی دیموکراتی هیندە تەسك و وشك وکەڕواوی بوو نەیتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر کەم گوێ لە دوو نەیاری خوی بگریت لە باسکردنی بابەتیك (کەرکوك) کە کیشە و پاشە رۆژی (40) ملوین مرۆڤی کوردی پیوە بەندە، بەبیانوی ئەوەی بەڵینی داوە هەستاو بەبیٚ ئەوەی داوای لیبوردن لە دانیشتوانی سەرمیزەکە بکات (تەنیا وەك جوتیاریکی نەخویندەواری دەشتی هەولیر هوڵەکەی بەجێهیشت و ڕویکردە بەریز د. نوری تاڵەبانی ووتی (عفو موعیدم هەیە) لە دەریشەوە بە یەکێك لەو برایانەی کەهەڵسابوون بە گرتنی ئەو کۆڕە ووتبوی (دەعواتکراوم). سەرنج پیش دەستبیکردنی کۆڕەکە بۆ ماوەی 15 خولەك پشوو هەبوو، لە کاتی پشودا وینەیەکی بەریز د. جەبار و فەلەکەدین کاکەیم لە کاتی نانخواردندا گرت. کۆڕەکە دەستی پیکرد و فەلەکەدین کە ئیمەی (کاك حەمە جەزا و منی) بینی پلەی ئاوزانی دیموکراتخوازی وا بەرز بووە توانای گویگرتنی نەبوو (گەر ڕاستدەکەیت موعدت هەبوو بۆ 15 خولەك لە پشودا مایتەوە و ئەگەر دەعواتکراویت چۆن پیش چونت بۆ ماڵی یاپراخەکە بۆ نانخواردن، برنج ومریشکت خوارد (تکایە بڕوانە وینەکە) ئەگەر موعیدت هەبوو پیش هاتنت بۆ هۆڵکە خۆ تەواوی بەرنامەکەت بە چاپکراوی پیٚ بوو ؟). دەبیٚ تاوانی کاك حەمەجەزا چی بێت ئەگەر ماوەیەك لە تەك یەکیدا کاری کردبێت ؟ نوسەری ئەم دیرانە (جەزا چنگیانی) یش نە پیکاکام و نە سەر بە هیچ ڕیخراویکی کوردیم پیکاکا بوونی من تەنیا دەگەریتەوە بۆ هەلویستی نەتەوایەتی و مرۆیم بەرانبەر بە قۆنتەراتی شەڕێکی برا کوژی بە سی (30) ملوین دۆلار کە لە گەلٚ توریکیادا گرتان بۆ لیدانی پیکاکا. ئەگەر پیکاکیش بم. خۆ تاوانەکانی پیکاکا هیندەی تاوانەکانی (تحسین شاویس) گەورە نیە کە بەهەزارەها کیژۆڵەی مەمك خڕی کوردی کردە دیاری بۆ ئەفسەرانی عەرەب و کوشتنی ئەو هەزاران مرۆڤە کوردەی ئەنفالەکان. پەسەنتانکردوو لە سەر شەهیدانی پارتیش ناونوسکراوە. لە سەر هەمان ئاوازی بازی دیموکراتی برایەکی بە ریز کاك (پیشڕەوی سەید برایمی) وەك ڕۆژنامەنووسێك ریپۆرتاجیکی لەسەر کۆرەکە نووسی وبۆ (ڕۆژنامەی کوردستانی نوی) یەکیتی لە سلیمانی ناردوە. لە رۆژی 2002/7/9 لاپەرەی 4 هەواڵەکە بڵاوکراوەتەوە وەلیٚ ئەرزوحاڵنووسەکان نە ك (ڕۆژنامە نووسەکانی) ئەو رۆژنامەیە لەو ریپۆرتاجەدا ناوی من و برای نووسەر کاك حەمە سەعید حەسەن یان لیٚ لابردوە. دەبیٚ چ ئاوزانیك بیت بەم کارانە هەبسیٚ ؟ تاوانی کاك حەمە سەعید حەسەن چیە ؟ لە داکۆکیکردنی مافەرەسەنەکانی مرۆڤی کورد وپاشەرۆژیکی ڕووناك بۆ نەتەوەکەی زیاتر ؟. تاوانی نووسەری ئەم دیرانە چی بێت لەوەی زیاتر نووسیومە شەری براکان شەری ئازادی کردنی کورد نیە. قونتەراتە و کوڕی داماو و هەژارانی تیدا دەکوژری (لە شەری پیکاکا و یەکیتیدا 350 پیکاکا و 250 یەکیتی کوژراون) لە پیناوی چیدا ؟ چیتان



بەریز د. جەبار وفەلەکەدین کاکەی
لە کاتی پشودا و نان خواردن

www.kurdistannet.org

**گۆڕی ؟ لە بەرگی دایك وخوشكی قوربانیەكانی ئەو شەڕە بە (قەترانی ڕەش) چیتان گۆڕی بەو شەڕە لە نووسینی لاپەرەیەكی تری تەڵخی میژوو زیاتر ؟ كەسانیك ئەمە تیروانین و ئاوزانەیان بێ و ڕەخنە لە ئاستی ئەركە مروی و نەتەوایەتیكاندا پەسەند نەكەن و زیرە لە ناونووسینی ڕۆژنامە نووسیكی نەتەوەی و نووسەریكی جەربەزەی وەكی كاك حەمە سەعید بكەن و بە نەیاری خویانیان دابنێن. دەتوانن هەنگاو بۆ دیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگا بنین ؟؟؟؟!!!! دەك زیرەكەن لە دیموكراتیەت یەكیتی و پارتی.**

www.kurdistannet.org